# جەژنێکی گەورە لە ستۆکهۆڵم بۆ ڕیزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە

ئێوارەی ڕۆژی شەممە 29ی مانگی ژانوویە 2005 ، جەژنێکی گەورە، بە بەشداریی زیاتر لە 1500کەس لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، بۆ ڕێزگرتن لە 26ي ريبەندان ڕۆژی کۆمەڵە بەڕێوە چوو.

نوێنەرانی زیاتر لە بیست حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی کوردستانی و ئێرانی و سویدی، دەیان کەس لە سیما ناسراوەکانی سیاسەت و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردستان، دەیان کەس لە تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە، جەماوەرێکی بەرینی کوردانی دانیشتووی سوید و سەدان لاوی تازەپێگەیشتوو بەشداری ئەم جەژنە بوون .

دەنگە ناسراوەکانی سروودەکانی کۆمەڵە و هونەرمەندانی ناسراوی کوردستان ناسری ڕەزازی و نەجمەدینی غولامی و هەروەها کچە هونەرمەندی لاو چۆپی و کۆمەڵیک لە هونەرمەندانی تیپی مۆسیقا لەم جەژنەدا بەشدار بوون.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی کۆمەڵە و هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ساتێک بێدەنگی ڕاگیرا.

دڵنیای ڕەزازی وتەی بەخێرهاتن و کورتەوتارێکی لە بابەت پێشینە و سیاسەتەکانی ئێستای کۆمەڵە بە زمانی سویدی پێشکەش بەو میوانانەکرد کە زمانی کوردییان نەدەزانی و بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

ناسری حیسامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، وتارێکی پێشکەش کرد و وێڕای باسکردنی کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵە، باسی هەندێک لە مەسەلەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان و بە تایبەت هەڵبژاردنەکانی عیراقی کرد و، لەم بابەتەوە وتی: لە کۆمەڵگایەکدا کە زیاتر لە سێ دەیە گرفتار و گیرۆدەی سەرکوت و کوشتار و ژەهر و ئەنفال بووە، نەفسی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن دەرفەتێکی گەورەیە بۆ شارۆمەندان تا ویست و ئیرادەی خۆیان بەیان بکەن. گەرچی، لە کۆمەڵگایەکی وادا، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوهەلومەرجە دژوارەی لە ساڵان و مانگەکانی ڕابوردوودا ئەوکۆمەڵگایە بەخۆیەوە دیوە، هەڵبژاردنێکی بێ گرفت بەڕێوە ناچێ، بەڵام هەرچۆنێک بێ وەک یەکەمین دەرفەتی خۆنیشاندانی ویست و ئیرادەی خەڵک و وەئەستۆگرتنی مەسئوولییەتی دەنگدان و بڕیاری خۆ، دوای ساڵەها خەفەقان و سەرکوت، بایەخێکی زۆری هەیە. ئەو هەڵبژاردنە، دەتوانێ هەروەک ڕووخانی حکوومەتی سەددام حوسێن و هەروەک ڕاگەیاندنی دەستووری فیدراڵی لە عیراق، شەپۆلێک لە شادی و ئومێد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش ببزوێنێ و ورەی ئازادیخوازانەی خەڵک بەرز بکاتەوە.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا، وتەی پیرۆزبایی کەسایەتییەکان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکانی کوردستانی و ئێرانی و سویدی پێشکەش کران. خاتوو <u>ڤیرۆنیکا پاڵم نوینەر لە پارلمانی سوید لە حیزبی سۆسیال دیموکراتی</u> سوێدەوە و هەروەها <u>کوردۆ باکسی ڕۆژنامەوان</u> و کەسایەتیی ناسراوی کورد هەرکام وتارێکیان پێشکەش کرد. ئەو وتار و پەیامانەی لەو ئاهەنگەدا ڕاگەیەندران بریتی بوون لە :

1 - وتەی کومیتەی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان - سوید

2 - پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان - لیژنەی سوید

3 - وتەی کۆمیتەی هاوکاریی هێزەسیاسییەکانی کورد و کوردستانی لە سوید

4 - پەیامی بەڕێز تەها بەواری نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی هەولێر

5 - پەیامی بەڕێز بورهان حەبیب نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی سلێمانی

6 - وتەی پیرۆزبایی خاتوو ڤیرۆنیکا پاڵم نوێنەری پارلمانی سوێد و نوێنەری پێشووی پارلمانی ئوروووپا/ لە حیزبی سۆسیال دیموکراتی سویدەوە

7 - وتەی پیرۆزبایی کوردۆباکسی ڕۆژنامەوان و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کورد

8 - پەیامی بەڕێز لارش لیۆنبۆری سەرۆکی پارتی لیبڕاڵی خەڵک (فۆڵک پارتی) سوید

9 - پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران _ کومیتەی سوید

10 - پەیامی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان_ ڕێکخراوی سوید

11 - پەیامی کۆمیتەی هاوئاهەنگیی پلاتفۆرم

12 - پەیامی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان_ ناوچەی سوید

13 - پەیامی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

14 - پەیامی دەستەی بەڕێوەبەری بزووتنەوەی فیدڕالی دێموکراتی ئازەربایجان

15 - پەیامی پارتی لیبرالی کوردستان- ڕێکخراوی سوید

16 - پەیامی یەکێتیی ژنانی کوردستان

17 - پەیامی گەشەی ژنانی کوردستان لە سوید

18 - پەیامی حیزبی ڕزگاریی کوردستان

19 - وتەی پیرۆزبایی بەڕێز عەلیڕەزا ئەردەبیلی لە لایەن شوورای فیدراڵی ئازەربایجانەوە

20 - وتەی پیرۆزبایی بەڕێز ناسری پوولادی لە لایەن شوورای هاوپشتیی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانەوە

21 - پەیامی فیدراسیۆنی نەتەوە زۆلێکراوەکان لە ئێران

22 - پەیامی کۆمەڵەی زارۆکپەروەرانی کوردستان

23 پەیامی لاوانی سۆسیالیستی دیموکرات/ کوردستان

24 - پەیامی کانوونی زیندانیانی سیاسیی ئێران لە تەبعید

25 - پەیامی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان- کۆمیتەی باڵای سوید

شایانی باسە لە سەر سێنەکە ( SEN ) دیمەنی 26 شەهیدی کۆمەڵە کە لە لایەن هونەرمەندی بەرێزو لاو **ژووان** کێشرابووە بەدی دەکرا کە بەر لە دەست پێکردنی بەشی دوهەمی بەرنامەکە بە رێزو ئیحترامەوە لەلایەن 26 لاوی کۆمەڵەوە کەهەر یەکەو دیمەنێکی لەئامێز گرتبو گوازرانەوە بۆ شوێنی تایبەتی خۆی.

بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە، بەرنامەیەکی مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەرکێ بوو کە بە تایبەت بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە لاوان کە لە شوێنی دەنگدانی ناوەندی ستۆکهۆڵمەوە بە کۆمەڵێک ئاڵای کوردستانەوە هاتبوونە ناو جەژنی ڕۆژی کۆمەڵە، تا سەعاتێک دوای نیوەشەوی خایاند.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی سوید - 05-02-2005

Commite off komala in Sweden :
E . mail : komala_sto@hotmail.com